www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-7-2006 1:18

## کاوه حسێن: هەمیشه ڕاگەیاندنەکان ویستویانه ئیشی ئەو کەسانه بڵاوبکەنەوه که خۆیان مەبەستیانه سازدانی/ ئارام



کاوه حسێن ئەو شاعیرەی لەگەڵایەکی بی فیزی وەریو ئەچی
کاوه حسێن دەنگێی زۆر دیاری نێو شیعری کوردی یەو
که لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەئاشکرا هەستی پی دەکری،
ناکری باس لەشیعری لیریک بکری به بی ناوهێنانی (کاوه حسێن) .
لەساڵانێکی زۆر زووەوه دەنووسی َ و بەڵام تا ئێستا به بی دەنگی ماوەتەوه
بۆگەیشتنمان بەنهێنی ئەو بی َدەنگی یەو
بۆزیاتر ئاشنابوونمان بەم شاعیره پەیڤ ئاڵتوونی یه لەئێوارەیەکدا لێمان پرسی:

پ/ (کاوه حسێن) کییه؟

و/ منیش لەئێوه دەپرسم من کێم؟

پ/بۆچی و بۆکی دەنووسی؟

و/ هەمیشه نووسینی شیعرم لەپێناوی خەیاڵێکی پەمەیدابووه ئەویش (عەشقه)

پ/کەواته کەسێکی تایبەت هەبووه تۆ له پێناویدا بنووسی؟یان روونتر بڵێین ئایه (کاوەحسێن) عاشقه؟

و/ ئەگەر عاشق نەبم بۆ دەنووسم؟

پ/ هەمیشه تۆ مرۆڤێکی بی فیز دەردەکەوی لەنیو خەڵکیدا ئەم بیفیزی یه بۆ؟

و/ ئاخر چۆن وانەبی هاوری ی ئازیزم من هەر چیەکبم دواجار مرۆڤم کەواته هەمیشه من خۆم به بەشێکی دانه براو له خەڵکی زانیوەو خۆزگه توانام دەبوو چاوی یەک به یەکیان ماچ دەکرد

پ/ بۆچی تاکو ئێستا ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوه (کاوه حسێن) بەقورسای خۆی به جەماوەرەکەی بناسێنی؟لەکاتێکا ئێمه ئاگادارین خاوەن جەماوەرێکی زۆریت

و/خەڵکی من دەناسن و ڕاگەیاندنەکانیش دەبینن ئەگەر پرسیار نا ئامادەی من بووایه دەکرا وەڵام بەمەوه بەڵام پرسیا نا دیاری ڕاگەیاندنەکانه نەک نادیاری خودی (کاوه حسێن) هەمیشه ڕاگەیاندنەکان ویستوویانه ئیشی ئەوکه سانه دەرخەن که خۆیان مەبەستیانه، شتەکانی ئەمڕۆش زیاتر من له سەر بنەمای دۆستایەتی هاوڕییەتی ئەیبینم نەک لەسەربنەمای ئیشی جوان.

لەکۆتادا زۆر سوپاسی بەڕ ێزت ئەکەین چەن کاژێریک له کاتی خۆت به ئێمه بەخشی

منیش سوپاس ئێوه ئەکەم